# بەراوردی دەنگە بزوێنەکان لەنێوان زمانی کوردی و فەرەنسیدا

د. عاطف عبدالله فرهادی        د.ابراهیم خلیل عبدالباقی
بەشی زمانی کوردی        بەشی زمانی فەڕەنسی
کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین

**پێشەکی:**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (بەراوردی دەنگە بزوێنەکان لەنێوان زمانی کوردی و فەرەنسیدا) یە، تیایدا باس لە بزوێنەکانی هەردوو زمانی کوردی و زمانی فەڕەنسی کراوە، لەگەڵ خستنە ڕووی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمان و شیکردنەوەی ئەم دەنگانە لەڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی (پرات Praat) و بەراوردکرنیان لە گەڵ یەکتر. بۆ خستنە ڕووی ڕادەی هاوبەش و جیاوازی ئەم دەنگە هاوبەشانە.

**ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە شیکردنەوەی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی زمانی کوردی و فەرەنسی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکار هاتووە بەهۆی بەکارهێنانی پرۆگرامی (پرات Praat) ، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش لە زمانی کوردی زاری ناوەڕاستە نموونەکانیش لە قسەی ڕۆژانە وەرگیراوە لەگەڵ زمانی فەڕەنسی زاری پاریسی ستاندارد.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** بەناونیشانی (دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و فەڕەنسی) یە و پێکدێت لە:

أ- بزوێنەکانی زمانی کوردی.

ب- بزوێنەکانی زمانی فەڕەنسی.

ج- دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمانەکە.

**بەشی دووەم:** بەناونیشانی (جیاوازی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لە ڕووی فۆنەتیکی فیزیکییەوە)یە و پێکدێت لە:

أ- شیکردنەوەی دەنگە بزوێنەکانی ( ا، ی، ێ، وو، ۆ ) لە زمانی کوردی و لە زمانی فەڕەنسی لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا و دەرخستنی سیفەتە فیزیکییەکانیان بە پێی (١- ماوەی خایەندراو. ٢- توندی دەنگ. ٣- پلەی دەنگ.)ەوە.

ب- بەراوردکرنی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکان بەپێی سیفەتە فیزیکییە باسکراوەکان و خستنە ڕووی ڕادەی جیاوازی و لێك چوونی بزوێنە هاوبەشەکان.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێکی زانستی. دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی وفەڕەنسی خستووەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: (دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و فەڕەنسی).

### سەرەتا:

هەموو زمانانی جیهان دەنگە زمانییەکانیان دابەش دەبێتە سەر دوو بەش، ئەویش بریتین لە بزوێن (Vowels) و نەبزوێن (Consonants). ئەم زمانانەش لەنێوانیاندا هەندێك هاوبەشی و جیاوازی بەدیدەکرێت، بەپێی ڕادەی نزیکی و دووری زمانەکان لەیەکدیەوە لەڕووی خێزانە زمانیەکانەوە، هاوبەشی و جیاوازیەکانیان زیاد و کەم دەکات.

زمانی کوردی و فەڕەنسیش دوو زمانن کە سەربە خیزانە زمانی هیندۆ ئەوروپین و لە هەموو ئاستەکانی زماندا هاوبەشی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت. یەکێك لە ئاستەکان ئاستی دەنگسازییە، کە هەندێ دەنگی هاوبەش لەنێوان هەردوو زمانەکە بەدیدەکرێت، لە نێوانیشیاندا دەنگە بزوێنەکان.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر بزوێنە هاوبەشەکان و ڕادەی هاوبەشی و جیاوازی ئەم بزوێنە هاوبەشانە لە ڕووی فۆنەتیکی فیزیکی و بەهۆی بەکارهێنانی پرۆگرامی (پرات – Praat)ەوە. بەهیوای ئەوەی سوودێك بە زمانەوانی کوردی بگەیەنین.

### أ- بزوێنەکانی زمانی کوردی:

زمانی کوردیش وەك هەموو زمانانی جیهان لە ڕووی دەنگەوە بەسەر دوو جۆرە دەنگ دابەش دەکرێت، دەنگە بزوێنەکان (Vowels) و دەنگە نەبزوێنەکان(Consonants). بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی هەر زمانێك باشترین ڕێگا بەکارهێنانی جووتۆکەیە، واتە بەراوردکرنی دوو وشە کە لەهەموو فۆنیمەکان وەك یەکبن تەنها یەك فۆنیمیان جیاوازبێت و ئەم جیاوازییە ببیتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە(وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٩، ل٢٥٥).

ژمارەیەکی زۆر لە زمانەوان و نوسەرانی کورد و بیانی باسیان لە دەنگسازی زمانی کوردی و هەندێك لە زار و شێوەزارەکانی کردووە، لەڕووی ژمارەی فۆنیم و یاسا فۆنۆلۆژییەکان و شێوەی دەربڕینی دەنگەکانەوە. واتە لەهەردوو ڕووی دەنگسازییەوە، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییەوە.

(لەو هەوڵانەی بۆ دیاریکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دراوە تا ڕادەیەك لەسەر ژمارەی فۆنیمەکان جیاوازی لە بیروڕا هەیە)(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩١، ل٣٥). لە دەستنیشانکردنی بزوێنەکان زمانەوان و نووسەران جیاوازییەکەیان لە (١٥)پازدە بزوێنەوە دەستپێدەکات تا (٧)بزوێن. بۆنموونە: (ژمارەی دەنگە بزوێنەکان لای ف.یوستی و س. یەگیزارۆڤ نزیکەی (١٥)، لای ی. سۆن و ر. جاردین (١٠)نە.)(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ل١٨). هەروەها عەبدولمەجید رەشید ئەحمەد (١٠) بزوێنی دەستنیشانکردووە(عەبدولمەجید رەشید ئەحمەد، ١٩٨٦، ل٢٤).

کەچی مەکارس بۆ شێوەزاری سلێمانی (٩)نۆ بزوێنی دەستنیشانکردووە.( ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩١، ل٤٤). (مەکەنزی) (٨) هەشت بزوێ‌ی بۆ شێوەزاری هەولێر دەستنیشانکردووە، (مەکەنزی، ١٩٨٠، ل٢٢). هەروەها ئەورەحمانی حاجی مارف (٨) هەشت بزوێنی بۆ زمانی کوردی دەستنیشانکردووە (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ل٢٤) لەگەڵ وریا عومەر ئەمین و غازی فاتح (غازی فاتح، ١٩٨٤، ل ٦٦) و گالب حسین علی (گالب حسین علی، ١٩٨٩، ل ٢٩). و ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩١، ل٤٥).

پێمان وایە ئەو جیاوازییەی لە نێوان زمانەوانانەوە هەیە لە ڕووی دەستنیشانکردنی ژمارەی دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردییەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١– هەندێ زمانەوان لە شێوەزارێك یان زارێكی تایبەتی زمانی كوردییان كۆڵیەوەتەوە و تایبەتمەندییەكانی ئەو شێوەزار و زارەیان گشتگیر كردووە بەسەر زمانی كوردی، وەك ئەو نموونانەی سەرەوە باسمان كردن.

٢– هەندێ زمانەوان لە ژێر كاریگەری زمانانی دیكەی وەك ڕووسی و ئینگلیزی و عەرەبی و ...هتد. باسیان لە زمانی كوردی كردووە. بۆنموونە هەندێ دەنگی بزوێنی دوولانە(Diphthong)یان لە زمانی كوردی دەستنشیانكردوو، وەك ((وا،وە،ەو، یا،...هتد) بە بزوێنی دوولانەیان داناوە، كە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ مەفهوم و ناساندنەكە ڕێك ناكەون) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ل٣٣) و هەندێكی دیكەیان سێ بزوێنی دوولانەیان دەستنیشانكردووە ئەوانیش بریتین لە (وێ) وەك لە وشەی(نوێژ)، (وی) وەك لە وشەی (هەنگوین)، (وی) وەك لە وشەی (سویر)دا (هەمان سەرچاوە، ل٣٤).

بەرامبەرم ئەم ڕایانە بەشەكەی دیكە لە زمانەوانان پێیان وایە كە بزوێنی دوولانە لە زمانی كوردیدا نییە.

ئێمەش لەگەڵ ئەوڕایەداین كە لە زمانی كوردی (٨) هەشت بزوێن هەیە كە بەریتین لە: (ە، ا، بزرۆكە، ی، ێ، و، وو، ۆ).

## ب- بزوێنەكانی زمانی فەڕەنسی.

سیستەمی دەنگسازی زمانی ستانداردی فەرەنسی لە سی و شەش دەنگ پێكدێت. ئەمانیش دابەش دەكرێنە سەر شازدە بزوێن و حەڤدە نەبزوێن و سێ نیمچە بزوێن( یان نیمچە نەبزوێن).

دەنگە بزوێنەكانی زمانی فەرەنسی:

سیستەمی دەنگسازی دەنگە بزوێنەكانی زمانی فەرەنسی لە شازدە بزوێن پێكدێت كە لە دوو بەش پێكهاتووە. بزوێنەكانی زارەكی و بزوێنەكانی لووتی. بزوێنەكانی زارەكی بریتینە لەم دوانزدە بزوێنەی خوارەوە :

1-[i] وەکو ی , 2 [y] وەکو اوی , 3 [u] وەکو وو , 4- [e] وەکو ێ , 5-[ɛ] وەکو یێ , 6- [o] وەکو ۆ , 7- [ɔ] ۆۆ , 8- [ø] وەکو ئە , 9- [œ] وەکو ئو , 10- [ə] وەکو ئو , 11- [a] وەکو ا , 12- [ɑ] وەکو ئا .

بزوێنە لووتییەكان (nasales) ئەو بزوێنانەی كە لە پێش پیتیەكانی m و n دێن. تایبەتمەندی ئەم دەنگە لووتیانە وەردەگرن و تایبەتمەندی ئەم بزوێنە لووتییانە ئەوەیە كە بەشێك لە دەنگەكە لە لووتەوە دەرەچێت و وەك پیتی m و n بە تەواوی دەرناچێت. ئەمانەش بریتینە لە ئەم چوار بزوێنانەی خوارەوە:

1- [ã], 2- [œ̃ ], 3- [ɛ̃ ], 4- [ɔ̃ ].

بەڵام لەگەڵ ئەم گۆرانكاریانە كە لە سەر دەنگ سازی فەرەنسی رویدا ئەم شازدە بزوێنانە بوون بە سێزدە و ئێستاكە ئەم سێانەی خوارەوە تێكەڵ بوون لەگەڵ دەنگە كانی هاوشێوە.

[a] بو بە[ɑ] – دەنگی

[ø] بو بە [ ə] – دەنگی

[ɛ̃ ]بو بە [œ̃] – دەنگی

## ج- دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمانەکە :

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لە بەر ئەوەی زمانی کوردی و زمانی فەرەنسی هەردووکیان سەر بەخێزانە زمانی هیندۆ ئەورۆپیین لە کاتی بەراووردکردنی سیستەمی دەنگسازی کوردی و فەرەنسی بۆمان دەرکەوت کە هەندێك لە دەنگە بزوێنەکان هاوبەشن لە نێوان هەردووکیان. ئەم دەنگانە بریتین لە پێنج دەنگی هاوبەش کە لە ناو خشتەی خوارەوە دیارکراوە.

| | دەنگی بزوێنی فەرەنسی | دەنگی بزوێنی کوردی |
|---|---|---|
| ١- | [a] | ا |
| ٢- | [i] | ی |
| ٣- | [ɛ] | ێ |
| ٤- | [o] | ۆ |
| ٥- | [u] | وو |

خشتەی دەنگە بزوێنەکانی هاوبەش لە نێوان فەرەنسی و کوردی دا

## بەشی دووەم: (جیاوازی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لە ڕووی فۆنەتیکی فیزیکییەوە).


بۆ دەرخستنی ڕادەی نزیکی و دووری (جیاوازی) نێوان بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان، پرۆگرامی (پرات)[1] مان بەکارهێناوە تا لە ڕوانگەی فۆنەتیکی فیزیکی ( ئەکوستیکی) دەنگەکان شی بکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد.

ئەویش بە هێنانەوە و شیکردنەوەی سێ نموونە بۆ هەریەك لە پێنج دەنگە هاوبەشەکە ( ا، ی، ێ، وو، ۆ)، جارێکیان لە زمان کوردی وجارێکی دیکە لە زمانی فەرەنسی لە هەر سێ شوێنەکانی ووشە ( سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی). ئەم شیکردنەوەیە بریتی دەبێت لە دەستنیشانکردنی ١-ماوەی خایەنراو. ٢- توندی دەنگ. ٣- پلەی دەنگ.

لە هێنانەوەی نموونەکاندا بە پلەی یەك هەوڵماندداوە ئەو وشانە بهێنینەوە کە لەدەربڕیندا لە هەردوو زمان وەك یەکبن.

### ١- شیکردنەوەی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی زمانی کوردی :


١- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [ا ] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:




دەنگی [ا ]لە سەرەتای وشەی (ئاش) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ا] | ٠.٢٤٤٥٢٠ چرکە | db٦٧.٥٤ | db٨٠.٦٩ | Hz 114.3 | Hz٩١.٠ |

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆگرامی پرات بڕوانە : عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (Praat)، ل ١٢٧.




دەنگی [ا ]لە ناوەندی وشەی (باس) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ا] | ٠.١٥٤٩٦١ چرکە | db٧٢.٣٩ | db٨٥.٠٠ | Hz٩٩.٦ | Hz١١٤.٧ |




دەنگی [ا ]لە کۆتایی وەشەی (با) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ا] | ٠.١٨٥٧٥١ چرکە | db٨٢.٦٨ | db٦٩.٦١ | Hz١٠٩.٤ | Hz٨٨.٤ |

٢- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [ێ ] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [ێ ]لە سەرەتای وشەی (ئێرە) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ێ] | ٠.٢٧٥٧٣٩ چرکە | db٦٧.٩٧ | db٧٦.٤٧ | Hz١٠٤.٣ | Hz١١٣.١ |




دەنگی [ێ ]لە ناوەندی وشەی (کێل) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ێ] | ٠.١٨٩٤٤٧ چرکە | db٨١.٩٥ | db٧٧.٦٣ | Hz٩٩.٥ | Hz١٢٩.٩ |




دەنگی [ێ ]لە کۆتایی وشەی (دێ) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ێ ] | ٠.٢٠٣٧١٧ چرکە | db٨٢.٩٦ | db٦٢.١٨ | Hz١١٩.٤ | Hz٨٤.٥ |

٣- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [ی ] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [ی ]لە سەرەتای وشەی (ئیتر) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ی ] | ٠.١٨٦٩٦٩ چرکە | db٥١.٥٥ | db٦٨.٩٠ | Hz١١٥.١ | Hz١١٠.١ |




دەنگی [ی ]لە ناوەندی وەشەی (تیر) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ی] | ۰.۱۹۱٦۹۲ چرکە | db۷۳.۹۷ | db٦٦.۰٥ | Hz۱۳۱.٤ | Hz۱۰۷.۷ |




دەنگی [ی ]لە کۆتایی وشەی (بی) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ی] | ۰.۱۸٤۰٤۷ چرکە | db۸۰.۲۸ | db٥۸.۹٦ | Hz۱۲۱.۱ | Hz۹۰.۲ |

٤- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [ۆ] لەسەرتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [ۆ ]لە سەرەتای وشەی (ئۆخەی) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ۆ] | ٠.١٥٥٨٣٣ چرکە | db٦٧.٦٧ | db٧٠.٠٧ | Hz١٠٧.٩ | Hz١١٠.٩ |




دەنگی [ۆ ]لە ناوەندی وەشەی (پۆز) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ۆ] | ٠.٢٢٥٠٥٥ چرکە | db٨٢.٨١ | db٧١.٨٢ | Hz١٣٩.٤ | Hz٩٢.٤ |





دەنگی [ۆ ]لە کۆتایی وشەی (بۆ) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ ۆ] | ٠.٢٠٨٥٤٩ چرکە | db٨٠.٩٨ | db٥٥.٥ | Hz١٢٥.٢ | Hz٩٢.١ |


٥- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [وو] لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:

دەنگی بزوێنی [وو] لە زمانی کوردیدا تەنها لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەردەکەوێت، کەشی لەسەرتادا دەرناکەوێت، ئەگەرچی کاتی خۆی لە نووسیندا بەکاریان دەهێنا وەك(ووشە)، بەڵام بۆ دەربرینی ئەم دەنگە لەسەرەتا ئەرکێکی زۆر دەکەوتە سەر قسەکەر بۆیە لەگەڵ ئەوە ناگونجی کە زمان بەرەو ئاسان بوون دەچێت.




دەنگی [وو ]لە ناوەندی وشەی (دوور) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ وو] | ٠.٢٧٠٦١٣ چرکە | db٨٠.٠٤ | db٧٠.٢٢ | Hz١٥٢.٧ | Hz١٠٢.٥ |





دەنگی [وو ]لە کۆتایی وەشەی (چوو) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ وو] | ٠.٣٤٠٥١٣ چرکە | db٨٨.٠١ | db٦٣.٠١ | Hz١٤٥.١ | Hz٩٠.٨ |


## ٢- شیکردنەوەی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی زمانی فەرەنسی :

١- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [a] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [a] لەسەرەتای وشەی ( hachie ) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [a] | ٠.٠٨٩٠٤٩ چرکە | db ٧٦.٦٣ | db ٦١.٧٩ | Hz ٢٠٠,٥ | Hz ٢٠٥,١ |




دەنگی [a] لەناوەندی وشەی (basse ) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [a] | ٠.١٤٥٤٣٤ چرکە | db ٧٣.٧٤ | db ٦٣.٢٩ | Hz ١٥٠.٦ | Hz٢٠٤,٤ |




دەنگی [a] لە کۆتایی وشەی (pas) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [a] | ٠.٢٢٨٥٦٨چرکە | db ٥٥.١٥ | db ٨٢.٠٢ | Hz ٩٠.٩ | Hz ١٣٥.٩ |

٢- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [ɛ] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [ɛ] لەسەرەتای وشەی ( elle ) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ɛ] | ٠.٠٩٨٢٠٠ چرکە | db ٧٨.٢٤ | db ٧٩.٠١ | Hz ٩٩.٨ | Hz ١٠٤.٧ |




دەنگی [ɛ] لەناوەندی وشەی(quelle) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ɛ] | ٠.٠٤٦٩٠٥ چرکە | db ٧٣.٦٣ | db ٧٥.٧٦ | Hz ٢٦٥.٠ | Hz ٢٦٧,٥ |





[[

دەنگی [ɛ] لە کوتایی وشەی( dès) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [ɛ] | ٠.٢٤٧٥٨ چرکە | db ٨٣.٣٠ | db53.3 | Hz ٩٩.٩ | Hz ١٧١,١ |

٣- شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [i] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [i] لەسەرەتای وشەی ( idée ) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [i] | ٠.١٠٩٤٠٦ چرکە | db ٧١.٣٧ | db ٧٨.٦٣ | Hz ١١٧.٨ | Hz ١٠٣.٥ |




دەنگی [i] لەناوەندی وشەی (chic) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [i] | ۰.۰٦۱٥۲۳ چرکە | db ٥٧.٦٩ | db ٧٣.٨٥ | Hz ١٦٦.١ | Hz ٢٣٦.٥ |




دەنگی [i] لە کوتایی وشەی( ski) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [i] | ۰.٤٥١۰۳۳ چرکە | db ٧٧.١٧ | db٣٤.٧١ | Hz ٢٤٨,٦ | Hz ١٧٣,١ |

٤- شيكردنەوەى دەنگى بزوێنى [o] لەسەرەتا و ناوەڕاست و كۆتايى وشەدا:





دەنگى [o] لە سەرەتاى وشەى( hotel) دا.

| دەنگ | ماوە | توندى دەنگ | | پلەى دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | كۆتايى | سەرەتا | كۆتايى |
| [o] | ٠.٠٩٢٨٠٨ چرکە | Db ٥٥,٣ | db ٧٩,٢ | Hz ١٤٦,٩ | Hz١٤٣,٥ |




دەنگى [o] لە ناوەندى وشەى (pose) دا.


| دەنگ | ماوە | توندى دەنگ | | پلەى دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | كۆتايى | سەرەتا | كۆتايى |
| [o] | ٠,١٣٦١٦٧ چرکە | db ٨٣,٣٥ | db٧٧,٧ | Hz١٠٢.٥ | Hz١١٤,٢ |




دەنگی [o] لە کۆتایی وشەی (beau) دا.


| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [o] | ٠.١٩٥٦٢٩ چرکە | db٨٢,٦٨ | db ٦٢,٩٣ | Hz١٧٩,٧ | Hz١٠١,٥ |

٥– شیکردنەوەی دەنگی بزوێنی [u] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:





دەنگی [u] لە سەرەتای وشەی (ourse) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [u] | ٠.١٣٢٠٠٦ چرکە | db٨٠,٩٨ | db٦٤,١٨ | Hz٢١١.٧ | Hz١٦٥,٩ |




دەنگی [u] لە ناوەندی وشەی (poule) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [u] | ٠.١٠٣١٤٣ چرکە | db٧١.١٦ | db٦٣.٨٤ | Hz ١٣٧,٢ | Hz ١٢٧,٨ |




دەنگی [u] لە کۆتایی وشەی (tout) دا.

| دەنگ | ماوە | توندی دەنگ | | پلەی دەنگ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| [u] | ٠.٠٩٠١٣٣ چرکە | db٧٩.٢١ | db٥٢.٨٦ | Hz ٢٧٢,٢ | Hz ٢٨٦,٠ |

## بەراوردی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمان لەڕووی:

١- بەروارردی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لەڕووی ماوەی خایەندراو بە چرکە:

| دەنگ | لە سەرەتای وشەدا | | لە ناوەڕاستی وشەدا | | لە کۆتایی وشەدا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردی | فەڕەنسی | کوردی | فەڕەنسی | کوردی | فەڕەنسی |
| ا | ٠.٢٤٤٥٢٠ چرکە | ٠.٠٨٩٠٤٩ چرکە | ٠.١٥٤٩٦١ چرکە | ٠.١٤٥٤٣٤ چرکە | ٠.١٨٥٧٥١ چرکە | ٠.٢٢٨٥٦٨چرکە |
| ێ | ٠.٢٧٥٧٣٩ چرکە | ٠.٠٩٨٢٠٠ چرکە | ٠.١٨٩٤٤٧ چرکە | ٠.٠٤٦٩٠٥ چرکە | ٠.٢٠٣٧١٧ چرکە | ٠.٢٤٧٥٨ چرکە |
| ی | ٠.١٨٦٩٦٩ چرکە | ٠.١٠٩٤٠٦ چرکە | ٠.١٩١٦٩٢ چرکە | ٠.٠٦١٥٢٣ چرکە | ٠.١٨٤٠٤٧ چرکە | ٠.٤٥١٠٣٣ چرکە |
| ۆ | ٠.١٥٥٨٣٣ چرکە | ٠.٠٩٢٨٠٨ چرکە | ٠.٢٢٥٠٥٥ چرکە | ٠,١٣٦١٦٧ چرکە | ٠.٢٠٨٥٤٩ چرکە | ٠.١٩٥٦٢٩ چرکە |
| وو | -------- | ٠.١٣٢٠٠٦ چرکە | ٠.٢٧٠٦١٣ چرکە | ٠.١٠٣١٤٣ چرکە | ٠.٣٤٠٥١٣ چرکە | ٠.٠٩٠١٣٣ چرکە |

به وردبوونەوە لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوزای دەنگەکان لە ڕووی ماوەی خایەندراوەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

[ا] :ماوەی خایەندراوی لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەڕەنسی، بەڵام لە کۆتایی وشە بەپێچەوانەیە لە زمانی فەڕەنسی درێژترە لە زمانی کوردی.

[ێ] :ماوەی خایەندراوی لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەڕەنسی، بەڵام لە کۆتایی وشە بەپێچەوانەیە لە زمانی فەڕەنسی درێژترە لە زمانی کوردی.

[ی] :ماوەی خایەندراوی لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەڕەنسی، بەڵام لە کۆتایی وشە بەپێچەوانەیە لە زمانی فەڕەنسی درێژترە لە زمانی کوردی.

[ۆ] :ماوەی خایەندراوی لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەڕەنسی ـ

[وو] [٢]:ماوەی خایەندراوی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەڕەنسی ـ

٢- بەروارردی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لەڕووی توندی دەنگ بە db:

| دەنگ | | لە سەرەتای وشەدا | | | | لە ناوەڕاستی وشەدا | | | | لە کۆتایی وشەدا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کوردی | | فەڕەنسی | | کوردی | | فەڕەنسی | | کوردی | | فەڕەنسی | |
| | | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| ا | db٦٧.٥٤ | db٨٠.٦٩ | db ٧٦.٦٣ | db ٦١.٧٩ | | db٧٢.٣٩ | db٨٥.٠٠ | db ٧٣.٧٤ | db ٦٣.٢٩ | db٨٢.٦٨ | db٦٩.٦١ | db ٥٥.١٥ | db ٨٢.٠٢ |
| ێ | db٦٧.٩٧ | db٧٦.٤٧ | db ٧٨.٢٤ | db ٧٩.٠١ | | db٨١.٩٥ | db٧٧.٦٣ | db ٧٣.٦٣ | db ٧٥.٧٦ | db٨٢.٩٦ | db٦٢.١٨ | db ٨٣.٣٠ | db٥٣,٣ |
| ی | db٥١.٥٥ | db٦٨.٩٠ | db ٧١.٣٧ | db ٧٨.٦٣ | | db٧٣.٩٧ | db٦٦.٠٥ | db ٥٧.٦٩ | db ٧٣.٨٥ | db٨٠.٢٨ | db٥٨.٩٦ | db ٧٧.١٧ | db٣٤.٧١ |
| ۆ | db٦٧.٦٧ | db٧٠.٠٧ | db٥٥,٣ | db٧٩,٢ | | db٨٢.٨١ | db٧١.٨٢ | db ٨٣,٣٥ | db ٧٧,٧٧ | db٨٠.٩٨ | db٥٥.٥ | db٨٢,٦٢ | db ٦٢,٩٣ |
| وو | -- | -- | db ٨٠,٨٩ | db٦٤.١٨ | | db٨٠.٠٤ | db٧٠.٢٢ | db٧١.١٦ | db٦٣.٨٤ | db٨٨.٠١ | db٦٣.٠١ | db٧٩.٢١ | db٥٢.٨٦ |

به وردبوونەوە لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوزای دەنگەکان لە ڕووی توندی دەنگەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

[ا] : أ- لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

(٢) وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد [وو] لە زمانی كوردی لە سەرەتای وشە دەرناكەوێت.

ب– لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

ج– لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

[ێ] : أ– لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب– لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

ج– لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

[ی] : أ– لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتاوکۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب– لە ناوەڕاستی وشەدا: : لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ج– لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

[ۆ] : أ– لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب– لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

ج– لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

[وو] : أ– لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

ب– لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەڕەنسی.

٣– بەراوردی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لەڕووی پلەی دەنگ بە Hz:

| دەنگ | لە سەرەتای وشەدا | | | | لە ناوەڕاستی وشەدا | | | | لە کۆتایی وشەدا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردی | | فەڕەنسی | | کوردی | | فەڕەنسی | | کوردی | | فەڕەنسی | |
| | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| ا | Hz١١٤,٣ | Hz٩١.٠ | Hz٢٠٠,٥ | Hz٢٠٥,١ | Hz٩٩.٦ | Hz١١٤.٧ | Hz١٥٠.٦ | Hz٢٠٤,٤ | Hz١٠٩.٤ | Hz٨٨.٤ | Hz ٩٠.٩ | ١٣٥.٩ Hz |
| ێ | Hz١٠٤.٣ | Hz١١٣.١ | Hz٩٩.٨ | Hz١٠٤.٧ | Hz٩٩.٥ | Hz١٢٩.٩ | Hz٢٦٥.٠ | Hz٢٦٧,٥ | Hz١١٩.٤ | Hz٨٤.٥ | Hz ٩٩.٩ | Hz١٧١,١ |
| ی | Hz١١٥.١ | Hz١١٠.١ | Hz١١٧.٨ | Hz١٠٣.٥ | Hz١٣١.٤ | Hz١٠٧.٧ | Hz١٦٦.١ | Hz٢٣٦.٥ | Hz١٢١.١ | Hz٩٠.٢ | Hz ٢٤٨,٥ | Hz١٧٣,١ |
| ۆ | Hz١٠٧.٩ | Hz١١٠.٩ | Hz١٤٧,٩ | Hz١٤٣,٥ | Hz١٣٩.٤ | Hz٩٢.٤ | Hz١٠٢.٥ | Hz١١٤,٢ | Hz١٢٥.٢ | Hz٩٢.١ | Hz١٩٧,٧ | Hz١٠١,٥ |
| وو | -- | -- | Hz٢١١.٧ | Hz١٦٥,٩ | Hz١٥٢.٧ | Hz١٠٢.٥ | Hz١٣٧,٢ | Hz١٢٧,٨ | Hz١٤٥.١ | Hz٩٠.٨ | Hz٢٧٢,٢ | Hz٢٨٦,٠ |

بە وردبوونەوە لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوزای دەنگەکان لە ڕووی پلەی دەنگەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

[ا] : أ– لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەڕەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب- لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ج- لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

[ێ] : أ- لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە توندیەکەی لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی.

ب- لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ج- لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

[ی] : أ- لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی.

ب- لە ناوەڕاستی وشەدا: : لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ج- لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

[ۆ] : أ- لەسەرەتای وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب- لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ج- لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتا و کۆتایی دەنگەکە پلەی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

[وو] : أ- لە ناوەڕاستی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

ب- لە کۆتایی وشەدا: لە سەرەتای دەربڕینی دەنگەکە پلەی دەنگ لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی ، بەڵام لە کۆتایی دەنگەکە لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی.

## ئه نجام

له کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتوین:

١- پێنج دەنگی بزوێنی هاوبەش لەنێوان زمانی کوردی و فەرەنسی داهەن کە بەریتین لە ( ا، ی، یٚ، وو، ۆ ).

٢- بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەنگە بزوێنە هاوبەشانە ماوەی خایەندراویان لە زمانی کوردی درێژترە لە زمانی فەرەنسی.

٣- جیاوازی لە نێوان ئەم بزوێنە هاوبەشانەدا لە هەندێ شوێن بەدیدەکرێت وەك: [وو] لە زمانی کوردی ناکەوێتە سەرەتای وشە، بەڵام لە زمانی فەرەنسی لەسەرەتای وشەش دێت.

٤- جیاوازی ئەم دەنگانە لە ڕووی توندی دەنگەوە بەرێژەیەکی زیاتر لە سەرەتای وشەدا لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی، بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی.

٥- جیاوازی ئەم دەنگانە لە ڕووی پلەی دەنگەوە بەرێژەیەکی زیاتر لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە زمانی فەرەنسی بەرزترە لە زمانی کوردی، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە زمانی کوردی بەرزترە لە زمانی فەرەنسی.

٦- لە هەردوو زمانەکەدا دەنگەکانی دەوروبەری بزوێنەکان کاریگەریان هەیە لەسەر ماوەی خایەندراو و توندی و پلەی دەنگ.

## کورتەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (بەراوردی دەنگە بزوێنەکان لەنێوان زمانی کوردی و فەرەنسیدا) یە، تیایدا باس لە بزوێنەکانی هەردوو زمانی کوردی و زمانی فەرەنسی کراوە، لەگەڵ خستنە ڕووی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمان و شیکردنەوەی ئەم دەنگانە لەڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی (پرات **Praat**) و بەراوردکرنیان لەنێوان هەردوو زمانەکەدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشی یەکەم:بەناونیشانی (دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و فەرەنسی) یە و پێکدێت لە:

أ- بزوێنەکانی زمانی کوردی.

ب- بزوێنەکانی زمانی فەرەنسی.

ج- دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو زمانەکە.

بەشی دووەم: بەناونیشانی (جیاوازی نێوان دەنگە بزوێنە هاوبەشەکانی هەردوو زمان لە ڕووی فۆنەتیکی فیزیکییەوە)یە و پێکدێت لە:

أ- شیکردنەوەی دەنگە بزوێنەکانی (ا، ی، یٚ، و، ۆ ) لە زمانی کوردی و لە زمانی فەرەنسی لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا و دەرخستنی سیفەتە فیزیکییەکانیان بە پێی (١- ماوەی خایەندراو. ٢- توندی دەنگ. ٣- پلەی دەنگ.)ەوە.

ب-بەراوردکرنی دەنگە بزوێنە هاوبەشەکان بەپێی سیفەتە فیزیکییە باسکراوەکان و خستنە ڕووی ڕادەی جیاوازی و لێك چوونی بزوێنە هاوبەشەکان.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێکی زانستی. دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی وفەرەنسی خستووەتە ڕوو.

## الملخص

لقد حاولنا من خلال هڑا البحپ المشترك بعنوان ( **مقارنه لاصوات العله الشتركه فى اللغه الفرنسيه و الكرديه** ) تسليگ الچوو على اصوات العله المشتركه فى كلتا اللغتين. لقد قمنا باجراو تحليل تگبيقى لهڑه الاصوات بواسگه تگبيق برنامج ( برات Praat ) للتحليلات الصوتيه والڑى مكننا من الحصول على بيانات دقيقه لكل صوت من هڑه الاصوات المشتركه فى اللغتين. ينقسم هڑا البحپ بگبيعته الى قسمين . فى القسم الاول , تگرقنا بالاجمال الى شرح للاصوات العله الكرديه وللاصوات العله الفرنسيه ومن پم بينا الاصوات المشتركه بينهما . وفى القسم اليانى من البحپ قمنا بتحليل الاختلافات اللفڤيه لهڑه الاصوات المشتركه وفقا اصول علم الصوت الفيزيائى وڑلك من خلال تحليل حروف العله المشتركه فى اول ووسگ وفى اواخر الكلمات فى كلتا اللغتين بواسگه تگبيق (برات Praat). ان هڑا التحليل التگبيقى مكننا من ايجاد الصفات الفيزيائيه المتشابهه والمختلفه المتعلقه بمده و شده ودرجه كل صوت من هڑه الاصوات المشتركه.



## Abstract

This research is (concerned with comparing vowel sounds in Kurdish and French language). It introduces all the vowel sounds in Kurdish and French language, then it presents the shared vowel sounds between them. It analyses these vowels due to Pratt Programmed system.

This study consists of an introduction and two sections with the results. The first section presents, A- the Kurdish vowel sounds, B- the French vowel sounds and C- the shared vowel sounds between both languages.

The second section is entitled as the difference between the shared vowel sounds of both languages from phonetic, physic aspect and made of:

A- Analyzing the vowel sounds, (e, y , ye, o, ou), in Kurdish language and the French one at the beginning , middle and end of the word and exerting physical feature due to time of the sound, and stress, degree of sound.

B) Comparing the shared vowel sounds due to physical features and pinpointing the extent of difference or similarity of these shared sounds.

Finally, the researcher presents the main scientific results, followed by list of references and a summary of the research in Arabic, English and French language

## سەرچاوەکان


١. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

٢. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩١، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر،

٣. طالب حسين على، ١٩٨٩، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٤. عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (Praat)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی – هەولێر.

٥. غازی فاتح، ١٩٨٤، فۆنەتیک، چاپخانەی ئەدیبی بەغدادی، بەغدا.

٦. مەکەنزی، ١٩٨٠، شێوەزاری هەولێری، گ. ڕۆژی کوردستان، ژ ٧٠، بەغدا، ل٢٢.

٧. وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٩، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، ژمارە (٢٠)ل٢٥٥.